**چۆلەکەپەرچە-ی کلک پان (92)**

**سسک دم پهن**

Cettia cetti
Bouscarle de Cetti
Cetti's Warbler

١٣ سانتیمێترە. زۆرتر خۆ نەدیو دەکا هەر بۆیە کەم دەبینرێ و بەدەنگی دەناسرێتەوە. پشتی قاوەیی ئامال خورماییە. بەرزگی سپی مەیلەو بۆرە. کەلەکەی قاوەییبیە و وردە تووکی پاشەڵی ڕێ ڕێیە. برۆی قوڵەیە و سپی. کلکی پانە و سەر کلکی خڕە و زۆرتر قیتی ڕادەگرێ. ڕەنگی وەک بولبول دەچێ، بەڵام بچووکترە. لە نێو گیای کورتەبن و پڕ لە نزیک ئاوان یان قامیشەڵانان دەژی. هێلانە لە نەدیو لەنێو گیادا ساز دەکا. زۆر هەیە. (243)

**چۆلەکەپەرچە-ی کلک چەتری (93)**

**سسک دم چتری**

Cisticola juncidis
Cisticole des joncs
Fan-tailed Warbler

١٠ سانتیمێترە. کاتی کورک بوون و جووجکە هەڵێنان لە ئاسمان باڵان لێک دەدا و بەدەنگی دەناسرێتەوە. وەکی دیکە خۆ نەدیو دەکا. خەتی دەوری چاوی هەیە. سەری پەڕ و باڵی خەتی زەردی مەیلەو سووری پێداکشاوە کە بوونەتە ڕێ ڕێ. گەروو و بەرزگی سپییە، سینگ و کەلەکەی ئامال خورماییە، کلکی کورت و خڕە و سەری شاپەڕی بەڵەکە لەنێو زەویوزار و چیمەن و زەلاندا دەژی. هێلانەی خۆی بەچڵووکی دارانەوە هەڵدەواسێ. زۆر هەیە. (243)

**چۆلەکەپەرچە-ی کلک درێژ (94)**

**سسک دم دراز**

Prinia gracilis
Prinia gracile
Graceful prinia

١٠ سانتیمێترە. کلکی لەچاو لەشی زۆر درێژە؛ قیت ڕایدەگرێ یان وەک چەتر دەیکاتەوە. پشتی قاوەیی مەیلەو بۆرە. سەر و ملی ڕێ ڕێی قاوەییبە. بەرزگی سپییە و کەلەکەی ئامال بۆرە. خاڵی ڕەش و سپی لە کلکیدا دەبینرێ. لەنێو باغ و پنچکی



زەویوزاران دەژی. لەنێو پنچکاندا هێلانە ساز دەکا. زۆر هەیە. (255)

**چۆلەکەپەرچە-ی گەورەی داران (95)**

**سسک درختی بزرگ**

Hippolais languida
Hypolaïs d'Upcher
Upcher's Warbler

١٤ سانتیمێترە. پشتی ئامال بۆرە. وەک چۆلەکەپەرچەی زەیتوونی داران دەچێ، کلکی لەهی ئەو گەورەتر و ڕەشتر و خڕترە؛ وەک چەتر هەڵی دەدا. لەنێو باغ و دارمێو و پنچک و داران دەژی. لەنێو پنچک و سەر داران هێلانە ساز دەکا. هاوینان زۆر هەیە. (255)

**چۆلەکەپەرچە-ی گەورەی زەلان (96)**

**سسک تالابی بزرگ**

Acrocephalus arundinaceus
Rousserolle turdoïde
Great Reed Warbler

١٨.٥ سانتیمێترە. دندووکی درێژ و ئەستوورە. برۆی سپییە. دەنگی تایبەتی خۆی هەیە. کەم وا هەیە خۆ نەدیو بکا. بەئازادی لەسەر دار و تەلان دەنیشێ. بەگەڵ هێلانە ساز دەکەن. نەوی فڕە و کاتی فڕین کلکی پان دەکات. لە قامیشەڵانی کەنار ئاوان هێلانە هەڵداوەسێ. (244)

**چۆلەکەپەرچە-ی لاوێنان (97)**

**سسک بیدی**

Phylloscopus trochilus
Pouillot fitis
Willow Warbler

١١ سانتیمێترە. زۆر وەک چۆلەکەپەرچەی چیفچاف دەچێ و تەنیا بەدەنگی لەو دەناسرێتەوە. پەڕ و باڵی کەمێک زەردترە؛ ئاخری هاوینان ئەو جیاوازییەش نامێنێ. لاقی قاوەیی ڕوونە. زۆرتر لەنێو پنچکان دەژی. (256)